

# دبلۆماسی کوردی و شەقی زەمانە

## جەزا چنگیانی

جاران هەر نزیك بوونەوەیەك لە نێوان سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردی لە تەك ڕژێمی بغدادا ببوایە . هەر سێ ڕژیمە کۆلۆنالیستەکەی کوردستان ( تورکیا و ئیران و سوریا ) پەلکێشی عیراقیان دەکرد بۆ گفتگۆیەکی چوارقۆلی و هەندی جاریش میصریش بەناوی عروبەوە خۆی تیدەترازاند و لەسەر ئەوە ڕێکدەکەوتن کە هەناسە لە مرۆڤی کورد بڕن . بە درێژای میژوو و بەتایبەتیش لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عیراق و لکاندنی باشور پێوەی . لە نێوان کۆلۆنالیستەکانی کوردستانەوە چەندەها پەیمانی پێکەوەکارکردن و سەرکوتکردنی میللەتی کوردیان کردبووە هاوکیشەی نیوانیان . دوای گۆڕانی چەرخی سیاسی جیهان و ناوچەکە .بارودۆخی سیاسی کوردیش وەك بەشێکی زیندوو لە کۆنفلیکتی ناوچەی ( پڕئاشووب ) ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانی لە دیدی سیاسەتی جیهان و ناوچەکەدا بەسەردا هات .وەلی لە دیدی دبلۆماسی کوردی و چالاکی سیاسی کوردی سەرانی کورد وەك زەمەنی جەنگی سارد مامەڵە لە تەك کیشەکەدا دەکەن . بێگۆمان هۆی تێنەگەیشتنی سەرانی کورد لە قورسایی باشوری کوردستان لە هاوکیشە سیاسیەکانی جیهان و ناوچەکە و عیراقدا ناهوشیاری سیاسی کورد لە ڕۆڵی دبلۆماسی لە کێشە سیاسیەکاندا نیشاندەدا .

**دبلۆماسی دەرەوە** :هێزی دبلۆماسی کورد بەرامبەر بە هێزە جیهانیە خاوەن بەرژەوەندیەکان لە ناوچەکەدا .

گەر هوشیاری دبلۆماسی هونەر بێ ئەوە بە دڵنیایەوە کورد پیویستی بە کۆمەڵێ هونەرمەندی دبلۆماسی زرنگ هەیە . تا بتوانی لە هەردوو بەرەی ناوەوە و دەرەوە

بجەنگن . ئیستا کە هوشیار زیباری پلەی یەکەمی دبلۆماسی عیراقی پیسپراوە . ئەو زەلامە نەك دبلۆماسێکی کورد نیە بەڵکو تائیستا لە هیچ بوونیکی سیاسی جیهانیدا وەك کورد نەپەیڤیوە گرفتی گەلی باشوری کوردستانی نەخستۆتە دووتوی گفتوگۆیەکی نیودەوڵەتیەوە یانی قورسایی لە سەر کیشەکەمان نیە .بەڵکو بۆشاییەکی پڕکردۆتەوە تا ناسیونالیستی عەرەبی خۆی لەسەر پێ دەگرێ ئەنجامەکەی بە نووکە شەقی فڕیدەدەنە دەرەوەی وەزارەتی دەرەوەی عیراق . لەبەر ئەوەی لەشی سیاسی کوردی باشور دوو قاشە پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکانیشان کردوە بە دووقاش لە ڕاپەڕینەوە تائیستا نەیان ویستوە لە ئاست کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیەوە وەك یەك (ڕوو ) و یەك ( گوتاری ) سیاسی بن .

**دبلۆماسی ناوەوە** : هێزی دبلۆماسی کورد بەرامبەر بە عیراقی کۆلۆنالیست و هاوسیکانی هەردوو ملۆزم ( بارزانی و تاڵەبانی ) کە ڕۆڵی سەرکردەی دوو ڕێکخراوی سیاسی دژ بە یەك و دژ بە مۆڕاڵی نەتەوەی کورد دەبینن , لە ئاست کێشەکانی ناوەوەی عیراق بەرامبەر بە ناسیونالیستی گەوجی عەرەبی و پڕیمتیفی شیعە و سونی دڕ نەیانتوانیوە بچنە زۆرانبازییەکی دبلۆماسی گرنگەوە کە بتوانن .بەرامبەر پاشقولە سیاسیەکانی ئەو دوو تەوژمە دڕە عەربییەی کە نکولی لە بوونی کوردستان بوونی زوربەی باشوری کوردستان ( ویلایەتی موصل ) دەکەن بوەستنەوە . سەرچاوەی هەڵەی سەرکردایەتی ملۆزمی کورد لە ( تاك ڕوەی و بەرژەوەندی پارتایەتی و دوژمنایەتی خێڵەکیەوە) سەرچاوەی وەرگرتووە . هێندەی لە ڕابووردوودا بە شەری براکان و داهاتی برایم خلیل و قۆرخکردنی دەسەڵاتی شارە کوردیەکانەوە خەریك بوون هیچ ئەوەندە خۆیان تەرخان نەکردبوو بۆ ڕۆژێك کە بەرنگاری بە ناو (ئۆپۆزسیونی) صدام ببنەوە دوای ئەو هەموو دانیشتن و بەڵێن و کۆبونەوەکانی ( لندن , صلاح الدین و دوکان ) ئەوانی تریش سەرانی کورد هێزیکی وایان نیشان نەدا تا ئەو نیمچە دەسەڵاتەی ناسیونالیستی عەرەب کە ئیستا لە بغداد هەیەتی ڕێز لە ویستەکانیان بگرن ئەوەتا لە سەر دەستوریك ریکناکەون کە داخوازییە کوردیەکانی تیادا ئاشکرا بێت کورد بە پچوك نەبینن .سەرانی کورد جاران گیریان بە دەستی وڵاتانی کۆلۆنالیستی کوردستانەوە خواردبوو ئیستا ( ئیران وتورکیا و سوریا ) لە ترسی ڕەشەبای تورەی ئەمەریکی دەستیان بە کڵاوی پاراستنی دەسەڵاتیانەوە گرتوە , لێدوانەکەی ئەم دواییەی سەرۆك

وەزیرانی تورکیا لە مەڕ کورد و بێدەنگی سوریا و ئیران و میصریش . وینەیەکە بۆ ڕاستی ئیستراتجیتی سیاسی وەك گۆڕینی( کەشی ) ئەوروپا وایە زوو زوو دەگۆڕدری . بۆیە پیویستە لەتك هەموو گۆڕانێکدا زمانی دبلۆماسی ودایلۆگی سیاسی نێوان لایەنە دژەکان بگۆڕدریٚ . ماوەیەکی کورت دەستوری عیراقی ئاشکرا دەکریٚ تائیستا سەرانی ملۆزمی کورد شین بۆ دەستورێکی دیموکراتی بۆ عیراق دەکەن . لە کاتیکدا زووربەی عەرەبەکان بە دیموکراتی هێڵنجیاندیٚ . پابەستبوون و شینی کورد بۆ عەرەب وەك هاوبەشی کورد وایە لە قادسیەکی نۆیدا . ئەرکی سەرانی ملۆزم پتەوکردنی بنکەی کوردەواریە لە تەواوی باشوری کوردستان و یەکیتی ڕیزەکان و یەك پەرلەمان و یەك ووتار و نەخشەی دیاریکراوی کوردستان دەستورێکی مۆدیرن بۆ باشوری کوردستان . ناسیونالیستی عەرەبی بە سونە وشیعەوە زۆر بەرێزەوە دەڕواننە بەرژەوەندی ناسیونالیستی خۆیانەوە بۆیە کوردیان هێندە گەرەکە کە خزمەتکاریان بکات . ئەگەر کورد ماڵی سیاسی خۆی ڕێرکخست وەك تاقە هیزێك لە ناوچەکەدا بازووی سیاسی و چالاکی دبلۆماسی خۆی نیشاندا ئەوە پۆخلاواتی ناسیونالیستی عەرەب ناتوانن بەرنگاریان ببینەوە .تائیستا نە زانراوە لە دەستوردا جیٚ ویستەکانی کوردی بۆتەوە..؟ ئەگەر ئا بێت گەوجیە سەرانی کورد بە بەڵینێکی تاکتیکی وەك بەڵینەکانی تری کۆبونەوەکانی ( لندن , صلاح الدین , دوکان ) بخەسێن جاریکی تر ناسیونالیستی عەرەب پاشقولمان بگرن . بۆ ڕزگار بوون و مسۆگەر بوونی ویستی کوردی لە دەستوری نۆی عیراقدا ( ئەگەر ویستی کوردی تیدا بوو ) پیویستە کورد تەنیا بە ئیمزای سەرانی فاشی عیراقی قایل نەبن بەڵکو بە گەواهی کۆمەڵگای نیودەوڵەتی ( نیونەری پەرلەمانی ئەوروپی ,UN , ئەمەریکا و بەریتانیا ) ئامادەی بوونی ئیمزاکردنی دەستورەکە بن . وەك ئیمزاکردنی نیوان دەوڵەتی سودان و ڕاپەریوەکانی باشوری سودان لە خرتوم . بەم شیوەیە دبلۆماسی کوردی لە تەك شەقی زەمانەدا دەتوانی شەقێك لە لمۆزی ناسیونالیستی کۆلۆنالیستەکانی کوردستان بدا .ئەگەر نا ئەوە ئەمجارەش دەبین بە قوربانی شەڕی ساردی نێوان (جەلالی و مەلای )

سان پیترسبۆرگ2005/08/19

Jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de